# پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

**ناوی کتێب: تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی**
**بابەت: توێژینەوەی سیاسی**
**ناوی نووسەر: دکتۆر عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی - عەبدولکەریم سالکی**
**وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا**
**هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: چاپخانەی دلێر**
**تیراژ: 1000 دانە**
**ساڵی چاپ: 2016**
**نرخ: 3000 دینار**
**شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1044)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (111)

# تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی

دکتۆر عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی*
مامۆستای یاریدەدەری گروپی زانستە سیاسیەکان- زانکۆی یاسوج
عەبدولکەریم سالکی*
پسپۆڕی زانستە سیاسیەکان- زانکۆی ئیسفەهان

وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا

# پێڕست


پوختە.......................................................................9
دەستپێک...................................................................11
بنەما تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە.............................................12

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

رووداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە روودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر. لە

ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی سـاردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەكەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانـە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام ڕوودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکـات.  لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیه، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکیماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرەناملکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو روداوانەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرەناملکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

**پوختە**

لـەگـەڵ ئـەوەی کـە نیو سـەدە زیـاتـرە دەوڵـەتـان باسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەکەن، هێشتا پێوەرێك بەدەستنەهاتووە کە لەسەر بنەمایدا بتوانرێت بەشێوەیەکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە رووبـەڕوی تیرۆریزم ببنەوە. هۆکارەکەشی نەبوونی پێناسەیەکی رۆشن و هەمەپەسندی تیرۆریزمە لە ئاستی جیهاندا. بێگومان ناسینی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەکو لقێك لە تیرۆریزم، بەبێ ناسینی راست و دروست و هەمەلایەنەی تیرۆریزم مەیسەر نییە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین بە شەن و کەوکردنێکی وردی دیاردەی تیرۆریزم و ناسین و دۆزینەوەی رەگ و ریشاڵەکان، پاڵنەرەکان، خەسڵەتەکان و شیکردنەوەیەکی ریشەیی پێناسە جیاجیاکانی تیرۆریزم، بگەین بە پێناسەیەکی دروستی تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. بەلەبەرچاوگرتنی لێکۆڵینەوە پڕ بەهاکانی (ئەلێکس ئیشمید) لەبارەی تیرۆریزم، لەم نوسینەدا وەك چـوارچـێـوەی تـیـۆری سـودمـان لەئەنجامگیریەکانی وەرگـرتـووە. ئەنجامگیریەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش کە بە سودوەرگرتن لەشێوازی وێناکردنی شیکاری و بەپشتبەستن بە سەرچاوەگەلی کتێبخانەیی و بەڵگە بەدەستهاتووەکان، ئەوە نیشاندەدات کە لەسایەی رەفتارە ناکۆك و دووفاقیەکانی وڵاتانی زلهێز، تیرۆریزمی نێودەوڵەتیش وەکو خودی دیاردەی تیرۆریزم چەمك و تێگەیشتنێکی ناڕۆشن وئاڵۆزی بەخۆوە گرتووە و بۆتە مایەی هەڵێنجان و تێگەیشتنی جیاجیا لەو دەستەواژەیە.

## دەستپێك

تیرۆریزم لەبواری ئاسایشی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دونیای ئەمڕۆدا، یەکێکە لەدەستەواژە گرنگەکان. ئەم دیاردەیە بەهۆی ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ تەکنەلۆژیا تازەکاندا پەیدای کردووە، بووەتە گرفت و ئاریشەیەکی ئاڵۆز کە لەسایەیدا گروپگەلی بچوك، بەڵام رێکخراو و ئاڵۆز، بوونەتە یاریکەرانی گرنگی ئاستی نێونێودەوڵەتی، دیاردەی تیرۆریزم هاوشێوەی پێشکەوتنە زانستییەکان، لە توێکڵە کۆنەکەی هاتووەتەدەر و لە توێکڵێکی نوێدا خۆی بە زۆر شێوە و شێوازی جیاجیا (پەیوەست بەکات وشوێن)، نیشانداوە. بەربڵاوی و ئاڵۆزیی تیرۆریزم بە شێوەیەکە زۆر لە لێکۆڵەر و توێژەران، لێکۆڵینەوە و رووبەڕوبوونەکانی خۆیان لەسەر پێناسەکردنی ئەو دیاردە ترسناکە چڕکردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا پێناسەیەکی دروست لەو دیاردەیە بەدەست نەهاتووە. دەوڵەتەکانیش بەردەوام هەوڵیانداوە رووبەڕوی ئەو دیاردەیە ببنەوە، بەڵام نەك هەر سەرکەوتوو نەبوون تیرۆریزم سەرکوت بکەن، بەڵکو هەندێکجار خۆشیان بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلی تایبەت، بوونەتە هاودەستی تیرۆریزم و ئەم رەوتە یەکێك لەشێوازەکانی تیرۆریزمی هێناوەتەئارا بە ناوی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. هەروەها لەسەر بنەمای تایبەتمەندیەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کە بە لقێك لەتیرۆریزم دەژمێردرێت، دەکرێت کارکرد و رەفتاری هەر وڵاتێك لەو روانگەیەوە هەڵبسەنگێندرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین بە پشت بەستن بە تێڕوانین و دیدگا بەردەستەکان سەبارەت بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، فاکتەر و ریشەگەلی ئەوجۆرە تیرۆریزم و هەروەها تایبەتمەندیەکانی شیبکەینەوە و چوارچێوەیەك بۆ پێناسەکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بخەینە بەردەست. پرسیاری سەرەکی لەم نوسینەدا ئەوەیە کە: چەمك و تایبەتمەندییە گشتییەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی چین و چ کۆسپ و گرفتێك لە پێناسەکردنیدا هەیە؟

## 2- بنەما تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە

## پێناسەی چەمکەکان (تێگەیشتنەکان)

### ٢-١- تیرۆر:

لە رووی زمانناسیەوە ئەم دەستەواژەیە ریشەیەکی لاتینی هەیە کە بۆ یەکەمجار هاتۆتە نێو گروپە زمانیە رۆمانیەکان و دواى ئەوە گەیشتۆتە نێو زمانە ئەوروپیەکان. (3:1991، (shukri)

ئەم دەستەواژەیە و هاوڕەگەکانی لە زمانی ئینگلیزیدا وەکو (terrorism, terroriet, terrible, deterrent) لە دەستەواژەی لاتینی (terrore) بە واتای لەرزین یان لەرزاندن و (deterere) بە واتای ترساندن و.. هاتووە. (wilkinson،9:1975))

دەستەواژەی تیرۆر لەسەرەتادا، هاودەم لەگەڵ زنجیرە تیرۆرەکانی سەردەمی ژاکوبنەکان لە مارسی 1793 تا ژوئیەی 1794 بەکار دەهـات، بەڵام وردەوردە واتای فراوانتری بەخۆوەگرت و جۆرە سیستمێکی تیرۆری گرتە خۆی و تیرۆریست بە کەسێك وترا کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ، ترس و دڵەڕاوکێ دروست دەکات. (11:1982) (laquer).

### ٢- ٢- تیرۆریزم:

پێناسەگەلێکی زۆر بۆ ئەم دەستەواژەیە کراوە کە هەر یەکێك لە روانگەی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیەوە پێناسەی کردووە. ڤالتێر لاکوێر (١٠٩) پێناسەی لە تیرۆریزم کە لەساڵەکانی ١٩٣٦ تا ١٩٨١ پێشنیازکرابوون، کۆکردۆتەوە.(88:1986) (laquer).

لە فەرهەنگی زانکۆیی فەرەنسا ساڵی ١٩٧٨ تیرۆریزم بە « دەسەڵات یان رژێمی تیرۆر» پێناسەکراوە. وادەردەکـەوێـت کە ژاکوبنەکان، کاتێك کە باسی خۆیان دەکرد یان لە بارەی خۆیانەوە دەیاننوسی، ئەم دەستەواژەیان بە واتایەکی پۆزەتیڤ بەکاردەهێنا، بەڵام دوای

کۆتاییهاتنی سەردەمی تیرۆر(٢٧ی ژوئیەی ١٧٩٤) و کوژرانی رۆبسپێری داهێنەری تیرۆری نوێ، تیرۆریزم بوو بە دەستەواژەیەکی نێگەتیفی خاوەن ناوەرۆك و کارکردێکی تاوانکارانە. (laquer (11:1987).)
بەمشێوەیە تیرۆریزم و هاوڕەگەکانی لە ساڵانی (١٧٩٣-١٧٩٨) لە فەرەنسا کارایی و تۆکمەبوونیان وەرگرت و دواتر بە کەمێك گۆڕانکاریی رواڵـەتـی، هاتە نێو زمانی ئینگلیزی. (9:1975) (Wilkinson)
لە سەدەی بیستەمدا، دەستەواژەی تیرۆریزم یەکەمجار بە هەنگاو و رەفتاری سەرکوتگەرانەی رژێمە تۆتالیتارەکانی ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (ئیتاڵیای مۆسۆلینی، ئەڵمانیای نازی، روسیای ستالینی و...) دەوترا، بەڵام لە دەیەی (١٩٥٠) بۆ ئاماژەکردن بە هەنگاوەکانی سەرهەڵداوان و گروپە ناحکومیەکانی بەرهەڵستاری دەوڵەتەکان بەکار هاتووە. (24:1998hoffman-23)).

## ٢-٣- تیرۆریزمی نێودەوڵەتی:

دەستەواژەکە دەرخەری دەستێوەردانی دەوڵەت یان دەوڵەتەکانە لەکاروباری نێوخۆیی یان دەرەکیەکانی نێودەوڵەتیکی دیکە، بە ئامانجی دروستکردنی ترس و تۆقاندن لەڕێی ئەنجامدان یان بەشداریکردن لەکارە تیرۆریستیەکان یان پشتیوانیکردن لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەمەبەستی لەنێوبردن، لاوازکردن و هەڵتەکاندنی نێودەوڵەتی دیکە یان دەزگای رێبەرایەتی ئەو دەوڵەتە. هەروەها یارمەتیدانی دارایی (سەربازی)و مەعنەوی (پشتیوانی سیاسی) گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان و بەشداریکردن لەپەلاماری وەك دانانەوەی بۆمب، چاندنی مین لەبەندەرەکان و لێوارەکان، مرۆڤکوژی، دزینی فڕۆکە و تیرۆرکردنی کەسانی پلەبەرزی وڵاتان، ئەمانە نمونەگەلێکن لەو بوارەدا (عەلی بابایی.(178:1365)

### ٣-١- ڕەوتی مێژوویی تیرۆریزم:

لەبارەی پێشینەی تیرۆریزم و گروپە تیرۆریستیەکان دەبێت دوو خاڵ لەبەرچاو بگرین: یەکەم، دەستەواژەی تیرۆر و ئەو تێگەیشتنەی ئەو دەستەواژەیە وێنادەکات، هیچیەکییان نوێ نین و ئەو دیاردەیە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگاکان خۆی نیشانداوە. (kapitan:175). دووەم، ئەو گروپانەی لەرابردوودا هەبوونەو ئەمڕۆ لەکارو ڕەفتارەکانیان بە تیرۆریزمی کۆن ناودەبرێن، وەکو ئیسماعیلیەکان یان سیکاریەکان* تەنها بەهۆی بوونی هەندێك لێکچوون لەنێوان کار و کردەوەکانیان، کە ئەمڕۆ بە تیرۆریزم ناودەبرێت، ناوی تیرۆریستیان وەرگرتووە. ئەو گروپانە وەکو گروپە تیرۆریستەکانی ئێستا ئامانج و پاڵنەری سیاسی و ئایدۆلۆژیان هەبووە و بە پەنابردن بۆ زەبر و زەنگ و مرۆڤکوژی بە دوای دروستکردنی ترس و تۆقاندنەوە بوون لە نێو گروپ و کۆمەڵە تایبەتییەکانی خەڵك (بەتایبەت دەسەڵاتداران .(sallan,1987:3)

لاکوێر(laquer) پێیوایە کە پاڵنەری سەرەکیی تیرۆریزم لەسەدەی نـۆزدە و سەرەتای دەیەکانی سـەدەی بیستەم، وەڵامـدانـەوەی ناعەدالەتیەکان بووە و تیرۆریستەکان کەسانێك بوون کە لە رووی ناچاری و بەهۆی ئێش و ڕەنجە تاقەتپرووکێنەکانی وەکو هەژاری، بێئومێدی و سەرکوتکردنی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ڕوویانکردۆتە تیرۆریزمەوە. ئەو وێڕای ڕوونکردنەوەی گوتاری باوی تیرۆریستی سەدەی نۆزدە و دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم، پێیوایە کە لەهەمان قۆناغەکاندا، ئانارشیستەکانیس وەك ڕەوتێکی تیرۆریستی چالاکیان دەکـرد و بە هۆکارگەلی هاوشێوەی وەك گەیشتن بە ئازادی و کۆمەڵگەی ئازاد، دەستییان بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتیە سیاسیەکانی سەردەمی خۆیان بردووە، بەڵام ئەو چالاکیەی ئەوان نەك هەر بەرهەمێکی نەبووە، بەڵکو تەنانەت بوونەتە مایەی

سەرزەنشتکردنی سۆسیالیستەکان و بزووتنەوەی دیمۆکراتیك و خەڵکیش. (laquer)11:2003)  بەمپێیە دەتوانین بڵێین کە تەنانەت لەسەدەی نـۆزدەشـدا، چالاکییە تیرۆریستیەکان زێتر لەوەی ریشەیەکی ئایدۆژۆژیان هەبێت لە کەسایەتییەکاندا مایە و سەرچاوەی وەردەگرت. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەهەر سەردەمێکدا، سەرکەوتنی گوتاری زاڵ لەبارەی قبوڵاندنی تێڕوانین و دیدگا و خەسڵەتە دیاریکراوەکانی خۆی لەبارەی تیرۆریزم بووەتە هۆی فراوانتربوونی تێڕوانین و دیدگای گوتاری پێچەوانەیشەوە.
ئەمڕۆ تیرۆریزم رەهەندی جیهانی وەرگرتووە و لەهەوڵی کارتێکردنە لەسەر خەڵکەکەی لە ئاستی جیهاندا و ئامانجی ئەو کارتێکردنەیشی هاوڵاتیان و کەسانی سڤیلە، بەواتایەکی دیکە، تیرۆریزم واتە راگەیاندنی بوونی خۆ بە خوێن. (زارع، ١٣٨٤:٦).

## ٣-٣- رەگەکانی تیرۆریزم:

هەندێك لە بیرمەندان، هەژاری بە هۆکاری سەرەکیی کارە توندوتیژو تیرۆریستیەکان دەزانن. (kahn,19:2002). رابێرت گار(19:2005) gurr))، لاکوێر(15-17:2003) (laquer) ، میگڤێل و ساتیانا (-720 725: 2004 ) (satyanath&migvel) ش لەوباوەڕە دان کە هەژاری لەتەك هۆکارگەلی دیکەی ئابوری، کاری تیرۆریستی لێ بەئەنجام دێت. لە دیدگای رابیرت گار، هەژاری بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هۆکاری تیرۆریزم، لەو باوەڕەدایە کە تیرۆریزم ئەگەری سەرهەڵدانی لە کۆمەڵگە روولەگەشەسەندنەکان لە وڵاتانی دەوڵەمەند یان هەژار زیاترە. (laquer)19:2005)  بەمپێیە دەکرێت بڵێین کە ئەو وڵاتانەی بەخێرایی رێگەی مۆدێرنیزاسیۆن تەی دەکەن، زیاتر رووبەڕوی تیرۆریزم بوونەتەوە.
بە بڕوای میگڤێل و سانتیانا پەیوەندییەکی زۆر لەنێوان هەژاری و

ڕەوشی خراپی ئابوری و ڕەفتارگەلی توندوتیژانەدا هەیە، ڕەوشی خراپی ئابوری دەتوانێت ببێتە هەوێنی ڕەفتارگەلی توندوتیژانەی تیرۆریستی، بەمشێوەیە کە دابەزینی ئاستی ئابوری، دەوڵەت لە سایەی قەیران و شۆکە ئابوریەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی لاوانی ئەو کۆمەڵگەیە کە لە هەژاریدا دەژیین و هەلی کار و دەرفەتی چالاکیی ئابوریان لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵی، بازاڕ و... نییە، هەوڵبدەن لە ڕێگەی کاری توندوتیژانە بە داخوازیەکانیان بگەن. (satyyanath&migvel)725:2004-730).

لە دیدگای لاکوێر، لە هۆکارە ئابورییە گرنگەکانی گەشەکردنی تیرۆریزم لەجیهاندا، یەك، نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان گەشەی دانیشتیوان و دابینکردنی هەلی کار و دوو، دابەشکردنی ناهاوسەنگی داهاتە لە نێوان وڵاتانی جیهان. لاکوێر دەڵێت، دابەشکردنی نادروستی سامان و داهات بەتایبەت لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم بۆتە مایەی چەقبەستنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا. بوونی ئەو جیاوازیە ئابوریە و گوێنەدان بەو کێشەو گیروگرفتانە، سەرلێشێوانی هاوڵاتیان و رووکردنی بەشێکیان لە کۆمەڵگە بۆلای تیرۆریزمی لێدەکەوێتەوە. (laquer)17:2003-18).

### ٣-٣-٢- ڕەگە ئاینییەکان:

لەبارەی ڕەگ و هۆکارە ئایینی و مەزهەبییەکانی تیرۆریزم، زۆر لێکۆڵینەوە ئەنجامدراون و لەبەرئەوەی ئێستا بەشێکی زۆر لەکارە تیرۆریستییەکان بە بیانوی یان لەسەر پرسە ئایینی و مەزهەبیەکان ئەنجامدەدرێن، زیاتر گرنگی بەو دیاردەیە دراوە. هەروەها دوای ڕووداوی تیرۆریستی یازدەی سێپتێمبەر کە لەلایەن گروپە ئیسلامیەکان ئەنجامدرا، دین وەك هۆکارێکی بەهێز لە دیاریکردنی

تیرۆریزم زیاتر کەوتۆتە بەر بایەخ و زیاتر پەنجەی بۆ درێژ دەکرێت. لاکوێر لەو باوەڕەدایە کە کەسایەتی رێبەر یان خەباتکار دەتوانێت لە قبوڵکردن یان رەوایی بزوتنەوەیەك یان بە پێچەوانەی تەنانەت ئەگەر بەتوندوتیژانەترین شێوەش ئەنجامبدرێت کارتێکردنی هەبێت.(laqur,2003:11). ئیسمۆك، یەکێکی دیکە لە تیۆرسێنەکانی ئەو بوارەیە دەڵێت: ئایین نەك هەر فاکتەری سەرەکیی تیرۆریزم نییە، بەڵکو هەمیشە رۆڵی ئاشتیانەی هەبووە.(6-smock,2006:5). لە روانگەیەوە (ئەگەرچی جیهان دوای ١١ی سێپتێمبەر، رووبەڕوی مەترسی توندڕەوی ئایینی بۆتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکە ئایینگەی جیاجیای مەسیحی، ئیسلامی، یەهودی بەردەوام لە پرۆسەی ئاشتەواییدا رۆڵی بەرجەستەیان هەبووە و بەڵگە زۆر لەبەردەستدایە کە رۆڵی نێوانگیریی ئایینەکان لە چوارچێوەی رێکخراوگەلێك کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکراون، دەخاتە روو.

**٣-٣-٣ رەگە سیاسیەکان:**

لە کێشمەکێشە سیاسیەکانی نێوان حزب و گروپەکان، زۆرجار بینراوە کە بەشێك لە گروپەکان تەنانەت کە لەلایەن خەڵکیشەوە پشتیوانیان لێدەکرێت، سود لە تیرۆریزم وەردەگرن. بە واتایەکی دیکە، تیرۆریزم بۆ ئەو گروپانە حوکمی ستراتیژییێك و تاکتیکێکی هەیە. لەبەرامبەردا، هەندێك حزبیش کە هیچ پشتیوانیەکی خەڵکیان نییە یان گۆشەگیرن، کەچی روو لە تیرۆریزم دەکەن نەك وەك تاکتیك، بەڵکو وەك تاکە بژاردەیەك و لەبەرئەوەی هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە، دوای ماوەیەك ئەو رەفتارە دەبێتە بەشێك لە شوناسییان. بە واتایەکی دیکە، لە کەشوهەوایەکی تایبەت کە دەسەڵاتدارێتیی بواری گەیشتنی ئەو حزب و گروپانە بە دەسەڵات دەبەستێت، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتدارێتیدان، تیرۆریزم بۆی هەیە

ڕەوایی پەیدا بکات و ئامانجەکان و تەنانەت شێوازەکانی ببنە مایەی پشتیوانیی بەشێك لە هاوڵاتیان. (عەبدوڵلا خانی، ١٣٨٦:٧٤)
لە دیدگای لاکوێر گەیشتن بە دەسەڵات و ئەنجامدانی بەرنامەگەلی فـراوان لە ئاینده، یەکێك لەپاڵنەرەکانی بزاڤە کۆمەڵایەتی-نەتەوەییەکانە لە پەیوەستبوون بە تیرۆریزم؛ خۆبواردنی حکومەت لە پێشگیری لە خیانەتێکی نیشتمانیش دەتوانێت فاکتەرێك بێت بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تیرۆریزم.(laquer)15:2003).

### ٣-٣-٤- ڕەگە دەروونیەکان:

ناکرێت تیرۆریستەکان لە ڕووی دەروونیەوە بە کەسانی نائاسایی و خاوەن نەخۆشیی دەروونی بزانین کە بەو هۆیەوە کاری توندوتیژانە بکەن، چونکە بەدرێژایی مێژوو، هەموو مرۆڤەکان، هەم ڕێکخراو و گروپەکان و هەم دەوڵەتەکان بە شێواز و دۆخی جیاجیا کاری تیرۆریستیان ئەنجامداوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان زیاتر کەسانێك هەڵدەبژێرن کە لە ڕووی سۆز و بەزەییەوە پابەند نین و دەتوانن کاری توندوتیژانە بکەن. ئەوان پاڵنەری جیاجیای وەك تۆڵەو گەیشتن بەناوبانگ و دەسەڵاتییان هـەیـە. ئەگەرچی پاڵنەرە تاکەکەسیەکانی سەرچاوەگرتوو لەبەرژەوەندیە تاکەکەسیەکان یان گروپی و ئایدۆلۆژیەکان، تەواو جیاوازن و ناکرێت بەشێوەیەکی گشتی دەریان ببڕین، بەڵام زیاتر شارەزایان پەنجە لەسەر ئەوخاڵە دادەنێن کە دەروونناسیی کەسی لە تیرۆریزمدا جێی باس نیەو ئەوە دەروونناسیی گروپی، ڕێکخراو و کۆمەڵە کە گرنگە و گرنگترین هێزی شیکەرەوە بۆ پێناسەکردنی ئەو دیاردە ئاڵۆزە دەڕەخسێنێت. لەو ڕووەوە تیرۆریستەکان کەسایەتی و شوناسی خۆیان لە ژێر سایەی شوناسی کۆمەڵ لەدەستدەدەن و لە جیاتیی شوناسی کۆمەڵ قبوڵدەکەن. (عەبدوڵلا خانی، ١٣٨٦:٧١)

### ٣-٤- روخسارەکانی تیرۆریزم:

گروپە تیرۆریستیەکان بۆگەیشتن بە ئامانجەکانیان شێوازی جیاجیا بەکاردێنن. شێوازی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانی کات، شوێن، دەرفەتەکان، رێکارەکان، رێکخستن و بەرنامەڕێژیەکان، رەنگە جیاوازیان هەبێت. لە روانگەی بیرمەندانی بواری تیرۆریزم، رفاندنی فڕۆکە، رفاندنی مرۆڤ و دانانەوەی بۆمب بە روخسارە سەرەکیەکانی چالاکیەکانی تیرۆریستی دادەندرێن، کە لەهەموو یان زۆربەی چالاکیە تیرۆریستیەکان بەدیدەکرێن. بۆ نموونە ئالتون و پلینۆ (١٣٧٥:٢٤٣-٢٣١)، لەو باوەڕدان کە رفاندنی فڕۆکە، بەبارمتەگرتنی مرۆڤ، وێرانکاری، دانانەوەی بۆمب، بڕینی بانك، رفاندنی سیاسیانەی مرۆڤ و مرۆڤکوژی بریتیین لەشێوازە باوەکانی تیرۆریستی کە بۆ کارتێکردن لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی دەوڵەت ئەنجامدەدرێن.

### ٣-٥- شێوازەکانی تیرۆریزم:

دەتوانین تیرۆریزم لەسەر بنەمای فاکتەرگەلی جیاجیای وەك بابەت، پاڵنەری کردەوەکە، گروپەکان، چالاکی و پانتایی جوگرافیایی، ئایدۆلۆژی یان ئاوێتەیەك لە بەشێك لەو فاکتەرانە دەستەبەندی بکەین. لەخوارەوە چاوێك بەدیدو بۆچوونی بیرمەندان و لێکۆڵەرانی ئەو بوارەدا دەخشێنین:

عەبدوڵلاخانی، لەشیکردنەوەی شێوەکانی تیرۆریزم، ئاماژەی بە سێزدە جۆر لە تیرۆریزم کـردووە: تیرۆریزمی ناسیۆنالیستی، سیاسی، ئاینی، خۆکوژی، ناوکی، نێودەوڵەتی، کشتوکاڵی، تاوانکاری، تیرۆریزمی مایەی پشتیوانیکردنی دەوڵـەت، نارکۆ تیرۆریزم، سایبر تیرۆریزم، بیۆ تیرۆریزم و تیرۆریزمی ئازاد.(عەبدوڵلا خانی، ١٣٨٦:٢١٧).

لاکوێریش چوار شێوەی لەیەکجیاوازی تیرۆریزممان بۆ دەژمێرێت: تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، چەپگەرا، شاریی و تیرۆریزمی نەتەوەیی-جوداخواز.(laquer)236:1987-235).

دێردێریان هەشت جۆر تیرۆریزمی پێناسەکردووە: تیرۆریزمی داستانی، ئانارشیستی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، مادەی هۆشبەر، نێودەوڵەتی، دژەتیرۆریزم و تیرۆریزمی دەگمەن. (دێردێریان،٦٤-٦٧: ١٣٨٤).

جاناتان وایت لە نوسینەکەی خۆیدا لەژێر ناوی «پێشەکیەك بۆ تیرۆریزم» پێنج جۆر تیرۆریزمی دیاریکردووە: تیرۆریزمی ئایدۆلۆژی، تاوانکاری، ناسیۆنالیستی، نێودەوڵەتی و تیرۆریزمی شۆڕشگێڕی. (white)24:1991).

بەڵام لەو نێوەدا شێوەناسییەکی وردتر لەسەر بنەمای لۆژیکێکی یەکانگیرو بەلەبەرچاوگرتنی پاڵنەرەکانی بکەرانی کاری تیرۆریستانە لەلایەن ئەلێکس ئشمید خراوەتەڕوو.

ئشمید، تیرۆریزم بەسێ گروپی گشتی «تیرۆریزمی سیاسی»، تاوانی ڕێکخراویی پەیوەست بە تیرۆریزم»و «تیرۆریزمی پاتۆلۆژیك یان شێوە نەخۆش و ناساغی دەروونی» دابەش دەکات. لە روانگەی ئشمید، لەتیرۆریزمی سیاسیدا، پاڵنەرەکە زیاتر بەلای حکومەت و دەسەڵاتدارێتی دایە. ئشمید تیرۆریزمی سیاسی بەگرنگترین شێوەی تیرۆریزم دەزانێت و بەچوار بەشی گشتی وەك «تیرۆریزمی یاخیگەرانە»، «تیرۆریزمی هۆشیار»، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی» و «تیرۆریزمی مایەی پشتیوانیکردنی حکومەتەکان» واتە ئەو شێوەیە لەتیرۆریزم کە لەچوارچیوەی ئامانجی دەوڵەتەکان و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێونێودەوڵەتیەکان دروست دەبێت، دابەش دەکات. (schmid,48:1998). ئەو شێوەناسییە لە شێوەناسییەکانی دیکە وردترە.

ئشمید بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵـی یاریکەرانی دەرگیر لەچالاکیە تیرۆریستیاکان، دەیانکات بەدوو گروپی یاریکەرانی نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتی. لەدیدی ئشمید، تیرۆریزمی یاخیگەرانە، تیرۆریزمێکی نانێودەوڵەتی دژی دەوڵەتە کە تیایدا رێکخەرو جێبەجێکار بریتییە لەگروپێکی نانێودەوڵەتی و ئامانجەکەشی سیستمی سیاسییە. لەتیرۆریزمی هۆشیاردا، رێکخراوی تیرۆریستی، رێکخراوێك یان رەوتێکی نانێودەوڵەتییە، ئامانجیشی یاریکەرێکی نانێودەوڵەتییە. لە تیرۆریزمی جۆری سێیەمدا، واتە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، دەوڵەی یان سیستمیت سیاسیی دەسەڵاتدار لەوڵات رێکخەرو جێبەجێکارە و ئامانج رێکخراوە نانێودەوڵەتیەکان یان هاوڵاتیانن. لەجۆری چوارەمدا واتە تیرۆریزمی مایەی پشتیوانیکردنی حکومەتەکان، رێکخراوی تیرۆریستی رێکخراوێکی نانێودەوڵەتیە کە لەلایەن یەك یان چەند حکومەتێك پشتیوانی دەکرێت و ئامانجی حکومەتێکی دیکە و زۆرجار نێودەوڵەتی دەسەڵاتدار لە وڵات شوێنگەی چالاکیی رێکخراوی تیرۆریستیە. (schmid )48:1998(.
ئەو دەستەبەندیەش کەموکوڕی خۆی هەیە، چونکە تێیدا ئاوڕیکی ئەوتۆ لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی نـەدراوەتـەوەو گرنگیدان و لەبەرچاوگرتنی ئەو زیاتر ئاڕاستەی تیرۆریزمی نێوخۆییکراوە، بەڵام ئەو دەستەبەندییە لەچاو شێوە ناسییەکانی دیکە وردتر و تەواوتر دیارە. کەواتە دەتواندرێت لێکۆڵینەوەکەی ئشمید بە رەچاوکردنی دیدگاو بۆچوونی ئەندیشمەندانی دیکە، تەواو بکرێت.

## ٣-٦-تیرۆریزمی هەنوکەیی: ئاڵۆزیی واتاو دژواری پێناسەکردن

پێناسەنەکردن یان باشترە بڵێین هەبوونی پێناسەگەلی زۆرو جیاجیا، تایبەتمەندی زۆرێـك لە چەمکەکانی زانستە مرۆییەکانە و ئەو گرفتە لەبارەی تیرۆریزم نەك هەر راستە، بەڵکو زۆر زەق و دوو

بەرامبەرە. وەك (هافمەن) دەڵێت جێی سەرسوڕمان نییە کە واتاو کارایی ئەو دەستەواژەیە بەتێپەڕبوونی کات بۆ هاوواتایی لەگەڵ زمانە ناوچەییەکان و وتاری سیاسی لەهەر کات و سەردەمێکدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. تا ئێستا هەوڵی توێژەران و کارناسەکان بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی هاوسەنگ بۆ تیرۆریزم بێهوودە بووە. (hoffman)20:2006). (دەتوانین بەربەستە بنچینەییەکانی سەر ڕێگەی پێناسەیەکی هەمەلایەنەی تیرۆریزم بەمشێوەیە دیاری بکەین:

### ٣-٦-١- بەرفراوانیی واتای تیرۆریزم:

لەلایەك بەرفراوانیی واتای تیرۆریزم کە لە بەشێکی زۆر دەرگیریی بچوك بچوکی نێوان تاکەکان و مانگرتنە کرێکاریەکان بگرە تا نیگەرانی و ترسی سەرچاوەگرتوو لە ئاست و بازنەی تۆقاندنی لەخۆگرتووە، ئەو دەستەواژەیەی بێواتا کردووە، کە کەموزۆر هەموو جۆرە ڕەفتاری توندوتیژانە، نەك توندوتیژانەی سیاسی دەگەیەنێت. (laquer)11:1987). (لە لایەکی دیکە تیرۆریزم واتایەکی نێگەتیفی هەیە کە هەمووان ڕووی لێوەردەگێڕن و لێی دووردەکەونەوە و ئەوانی دیکە بە تایبەت دوژمنەکانی خۆیان بەتیرۆریست یان پشتیوانی تیرۆریزم دەدەنە قەڵەم.

ناهەماهەنگی تێڕوانینەکان لەبارەی چیبوون و کێبوونی تیرۆریست بە ڕادەیەکە کە زۆرێك لە شارەزایان دوای هەوڵدانێکی زۆر بۆ دیاریکردنی سنوری ئەو چەمکە، سەرەنجام دانیان بەوە داناوە کە هەر کەسەو هەڵێنجانی تایبەتی خۆی بۆ تیرۆریزم هەیە. (higgins)21:1999).

لەوبارەوە کە ئایا کردەیەکی دیاریکراو، کارێکی تیرۆریستییە یان نا، دەبێت بڵێین کە ئەوە پەیوەستە بە داوەریکردنێکی بەهادارانە دەربارەی بکەران، چۆنێتی و هۆکارە بەدەستهاتووەکان.

### ٣-٦-٢- بەرفراوانیی جۆرەکانی تیرۆریزم:

دژواریـەکـی دیکەی سەر ڕێگەی دیاریکردنی واتایەکی ڕاست و دروستی بۆ تیرۆریزم دەتوانین لەوە بزانین کە تیرۆریزم تەنها جۆرێك نییە تاکو بتوانین پێناسەی بکەین و پێناسەکردنی تەنها جۆرێك لە تیرۆریزم ڕەنگە بۆ جۆرەکانی دیکە ڕاست نەبێت. (١٣٨٢:٢٢، تەیب).

### ٣-٦-٣- شیکردنەوەی سیاسیی جۆراوجۆر لەتیرۆریزم:

لەو ڕووەوە تیرۆریزم زیاتر سیمایەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەیە، بەتیرۆریستی دانە قەڵەمی ڕەفتارێکی توندوتیژانە زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بەهەمان ئەو ڕەفتارە پەیوەستە بەدیدگای سیاسیی ناوبراو؛ واتە هەر پێناسەیەك زیاتر بەدوای فۆرمەلەکردنی داوەرییەکی کۆمەڵایەتییەوەیە تا وەسفکردنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. (laquer)14:1990).

ئەلێکس ئشمیدیش لەوباوەڕەدایە کە پرسی پێناسەکردنی تیرۆریزم ناکرێت لە پێناسەکەرەکەی بەجیا بزانین. (schmidt)6:1988).

سەرەنجام ، تاك یان کەسانێك کە دەسـەڵات دەگرنە دەست، شیکردنەوەی کۆتایی بە ئاڕاستەی بـەرژەوەنـدیـی خۆیان دەخـەنـەڕوو. بۆ نمونە، لە دیدگای کەسێکی سەرهەڵدراوی ئۆپۆزسیۆن، تیرۆریستی ڕاستەقینە بریتییە لەو ڕژێمەی کە دەسـەڵاتـی حکومەتی بۆ سەرکوتکردنی خەڵك و سزادانی بێبەزەییانەی دژبەرەکانی بەکاردێنێت. لەدیدگای ڕژێمیش تیرۆر بریتییە لە هەنگاونان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی حکومەتی هەبوو کە بە بەکارهێنانی کاری توندوتیژانە ئەنجامدەدرێت. (دیلیاك، ١٣٦٨:١٤).

### ٣-٦-٤- بەرخوردی دوولایەنانەی دەوڵەتە زلهێزەکان

فاکتەرێکی دیکە کە چەمکی تیرۆریزمی ئاڵۆزکردووە، مامەڵەی دووفاقی و ریاکارانەی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو دەوڵەتانی دیکەی بەناو پێشەنگی دژایەتیکردنی تیرۆریزمە. (خەلجی، ١٣٨٤:١٢٤). بۆ نموونە، نوسەرێکی ئەمەریکی دەڵێت: ئێمەی رۆژئاوایی دوژمنان بەهۆی دەستهەبوون لەگەڵ تیرۆریزم تاوانبار دەکەین، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو کارانە هاوپەیمانەکانی ئیمە ئەنجامی بدەن، ئەوان بە گوزارە و دەربڕینی سەرنجڕاکێشی وەکو خەباتی رزگاریخوازانە یان دژایەتیکردنی حکومەتە تۆتالیتێر و سەرکوتگەرەکان دەخەینەڕوو. (segller)20:1986).

بە واتایەکی دیکە، لەڕوانگەی واشنتۆن تیرۆریزم تەنها کاری دوژمنانی ئەمەریکایە.(heman)34:1989).

گەواهی رۆشنی ئەم رەفتارەش ناسینی موجاهیدەکانی ئەفغانە لەساڵی ١٩٨٥ لەلایەن حکومەتی رێگان وەکو خەباتگێڕانی رێگەی ئـازادی و بەتیرۆریست ناوبردنیان دوای رووداوەکـانـی یازدەی سێپتەمبەر، بەڵام لەهەمان ساڵ ١٩٨٥، شولتێز وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا رایگەیاند کە دەوڵەتەکەی لە دەستنیشانکردنی جیاکردنەوەی تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی لە تیرۆریستەکان گرفتێکی نییە.(dark)27:2005).

### ٣-٦-٥- بێمەیلی دەوڵەتە زلهێزەکان لە پێناسەکردنێکی وردی تیرۆریزم

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە لایەك و وڵاتانی ناپابەندو بلۆکی رۆژهـەڵات لە سەردەمی جەنگی سارد لەلایەکی دیکە، یەکدیان بەکۆسپدانان لەسەر رێگەی پێناسکردنی ئەو دیاردەیە تۆمەتبار دەکـرد، بەڵام واپێدەچێت کە دەوڵەتە

ناپابەندەکان و بلۆکی رۆژئاوا مەیلێکی ئەوتۆیان بۆ پێناسکردنێکی وردی تیرۆریزم نەبووە، مەگەر ئەوەی بە پێی روانگەی خۆیان پێناسەکردنەکە کرابێت. هۆکارەکە رەنگە ئاوا باس بکەین کە رۆژئاوا هەمیشە نیگەرانە کە هەر جۆرە پێناسەکردنێکی تیرۆریزم، تیرۆریزمی نێودەوڵەتیش بگرێتەوە و جیهانی سێیەمیش نیگەرانە کە لەو پێناسەکردنە گریمانەکراوە، خەباتی ئازادیخوازانەی رەوا لەکارە تیرۆریستییەکان جیانەکرێتەوە. (higgins)16:1999).
بۆ نمونە، لە بیست و هەشتەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستەی نوێنەرایەتیی ئەمەریکا پێناسەیەکی بۆ تیرۆریزم پێشنیازکرد کە بەوگوێرەیە هەرکەس بەبێ حوکمی یاسایی، کەسێکی دیکە بکوژێت یان زیانێکی سەختی جەستەیی پێبگەیەنێت یان کەسێك برفێنێت یان لەهەریەك لەو کاتانەدا بەشداری بکات، بە تیرۆریست بناسرێت. (تهامی، ١٣٨١:٢٣١).
بە پێی ئەو پێناسەیە، ئەوجۆرە کارە تیرۆریستییانە کە لە لایەن دەوڵەتیك ئەنجامدەدرێن، لەوپێناسەیە جێناگرن چونکە یاسا نێوخۆییەکان خودی دەوڵەتەکان دایاندەنێن و بەمپێیە کارەکانیان بەکاری یاسایی دەژمێردرێن. دەوڵەتەکان لەو رووەوە کە لە چوارچیوەی یاسا نێوخۆییەکانی خۆیاندا کاردەکەن (زۆربەش لەگەڵ یاسا نێونێودەوڵەتیەکان ناتەبان) لە کاتی پێویست بۆ پیادەکردنی سەقامگیری، دەست بەسەرکوتکردنی تایبەتمەندی تیرۆریستی دەکەن. بەهەر شیوەیەك کە چ شتیك لەبازنەی پێناسەی تیرۆریزمدا بێت و چ شتیك لەدەرەوەی دابێت بڕیارێکە، لەسایەی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکاندا دیاری دەکرێت.
رەنگبێت یەکێك لەهۆکارەکانی کە هێشتا پێناسەکردنێکی گشتگیرو راشکاوانە لەتیرۆریزم نەکراوە ئەوەبێت کە مانابەخشین بەو

دیاردەیە، پابەندبوون دێنیتەئاراو وڵاتان نایانەوێت خۆیان بخەنە ژێرباری ئەو پابەندبوون و بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بەتیرۆریزم، تەکنەلۆژیاو دەسەڵاتی گروپەکان، پارتەکان و دەوڵەتەکان، هۆکاری سەرەکیی شکستی پـڕۆژەی پێناسەکردنێکی زانستیانەی ئەو دیاردەیەن.

## ٣-٧- هەوڵدان بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ناساندنی تیرۆریزم

لە فەرهەنگەکانی زمان و زانستنامە نێودەوڵەتیەکاندا پێناسەگەلی جۆراوجۆر بۆ تیرۆریزم کراون کە هەریەکەیان ئاماژە بە خاڵێکی دیاریکراو دەکەن و هەڵبەت هەمووشیان لێکنزیکن. لەم بەشەی ئەم نوسینەماندا لە پێناسەکاندا، چەند پێناسەیەکمان کە ڕەنگدانەوەی پێناسە جۆراوجۆرەکانی تیرۆریزمن، بەمەبەستی دیاریکردنی هاوشێوەیی و جیاوازیەکانیان، هەڵبژاردوون:

فەرهەنگی پەیوەندییە نێونێودەوڵەتییەکان، تیرۆریزم دەداتە پاڵ ئەوکەسانەی کە بەشێوازی توندوتیژانەو تۆقێنەرانە هەوڵدەدەن بگەنە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان. (roy&plano)1988;201).

(شـەریـف بەیسونی)ش دەڵـێـت: تیرۆریزم شێوە ڕەفتارێکی زۆرەملێیانەی تاکەکەسی یان گروپییە بە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و توندوتیژی، ئاوێتە لەگەڵ ترس و تۆقاندن کە ڕەگەزێکی نێودەوڵەتی بە پشتیوانیکردنی نێودەوڵەتییەوە دەکاتە ئامانج و مەبەستیشی گەیشتنە بە دەرئەنجامێکی دەسەڵاتخوازانەیە. (bessioni)217:1975).

پلانۆ لەپێناسەکردنی تیرۆریزمدا ئەودیاردەیە بەئەنجامدەری ئەوکارو ڕەفتارانەی یاریکەرە نێودەوڵەتی و نا نێودەوڵەتیەکان دەزانێت کە هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی هونەرەکانی زەبروزەنگ بائامانجە

سیاسیەکانی خۆیان بگەن. (plano)201:1988) (لە روانگەی لاکوێریش، تیرۆریزم بەواتای بەکارهێنان یان هەڕەشەی ئەنجامدانی کاری توندوتیژانە دێت؛ واتا شێوەیەکی جەنگی یان تاکتیکی بۆ ترساندنی قوربانیەکانە، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجێکی دیریکراو. لەو چوارچێوەیەدا رای گشتی یان هەمان ئەو خەڵکە، فاکتەری بنەڕەتی کردەی تیرۆریزمن و بەبێ ئەوان، تیرۆر یان ترس و تۆقاندن هیچ واتایەك نادات. (laquer)144:1987).

تۆرنتۆن لەو باوەڕەدایە کە تیرۆریزم، دەستکردن بەتیرۆر (ترس و تۆقاندن) وەکو رەفتارێکی بنچینەیی، بۆ دانانی کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی بە ئامڕازی نائاسایی و هاوکات بەهەڕەشە یان زەبروزەنگ و توندوتیژی داڕێژراوە. (thornton)73:1964).

لە دیدگای ویلکینسۆن، تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانی جۆرێك توندوتیژی یـان چەکێك وەك بەشێك لەنواندنی ململانێ و نەبەردییێکی نائاسایی. (wilkinson)453:1987).

بەپێی ئەم بنەمایە تیرۆریزم دەکرێت بەواتای ترساندنێکی توند یان دەستبردنێکی سیستماتیکیانەی کوشتارو تاوانکاری، داپلۆسین و وێرانکاری یان هەڕەشەی ئەنجامدانی ئەمانە یان بەئاڕاستەی دروستکردنی کەشێکی ترسناك و تیرۆرو هەروەها بەکارهێنانی زەبروزەنگ و فشارو بۆگەیشتن بە خواستە تیرۆریستییەکان بێت. بەگوێرەی پێناسەیەکی دیکە، تیرۆریزم بە واتـای بەکارهێنانی زەبروزەنگ و فشار بۆگەیشتن بە ئامانجگەلی سیاسی دێت، کە یەکێك لەکێشەو ئاڕیشە گەورەکانی ئەم چەند سەدەیەی دوایی بووە. (aristides)9:1997).

(جێنکینز) و (کیگلی)ش تیرۆریزم بە بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجگەلی سیاسیی فراوان کە تیایدا هاوڵاتیانی بێتاوان بەشێوەیەکی رێکەوت و

هەڕەمەکی دەکرێنە ئامانج، پێناسە دەکەن. بەبڕوای ئەو نوسەرانە، تیرۆریزم بەهایەکی پەیوەندی یان بنچینەیی باڵاتر لە بەردانگ و تەماشاکەرە راستەوخۆکانی هەیە. (kegley,18)1:2003-2-jenkins,16:2003).

لەڕاستیدا لەو پێناسانەدا سێ تایبەتمەندیی هاوبەش هەیە: یەکەمین تایبەتمەندی، دەتوانین بە بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی بزانین. جی. ئەنجلۆ کۆرلێت لەوبارەیەوە ئەوە باسدەکات کە پێویست ناکات هاتنەدی بابەتی توندوتیژی بەتیرۆریزم بزانین، بەڵکو هەڕەشەی بەکارهێنانی ئەویش دەکرێت بەشێك لەڕەگەزە خودییەکانی تیرۆریزم بێت. (korlet)118:2003) (دووەمین تایبەتمەنی دەتوانین هەبوونی ئامانجگەلی سیاسی لەپشت کارە توندوتیژئامێزەکان بزانین. بۆ جیاکردنەوەی تیرۆریزم لە رەفتاری دیکەی توندوتیژانە و تاوانکارانەی وەکو کوشتن و بەدنیازیی بە پاڵنەری ئابوری و کەسی، هەندێك لە نوسەران ئەو گروپ و رۆڵگێڕانە بە تیرۆریست دادەنێن کە بە ئامانجی کاریگەریدانان لەسەر رەفتاری سیاسیی حوکمڕانەکان دەست بۆ توندوتیژی دەبەن. (gus)33:2003).

سێیەمین و گرنگترین تایبەتمەندی ئەوەیە کارە تیرۆریستیەکان، کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و دروستکردن و پیادەکردنی دۆخی و شوێنەواری دەروونــی وێرانکارانە لەسەر هاوڵاتیان (سڤیلەکان)ە و تا رەفتارەکە ترسێنەرتربێت، کاریگەریە دەروونیەکەی زیاتر دەبێت. لە دیدگای ئەلێکس ئشمید ئەوە تایبەتمەندیی کار و رەفتاری تیرۆریستییە، بە واتایەکی دیکە ئەو (ئەوپەڕی بوون)ەیە کە تیرۆریزم لە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی جیادەکاتەوە. (هێنل،١٣٨٣:١٣).

بەمپێیە دەتوانین بڵێین کە ئامانج و ئاڕاستەی تیرۆر، فراوانترە لە

قوربانییە خێراکانی توندوتیژی و ئامانج و کەسانی زیاترو فراوانتر دەگرێتەوە. (Wilkinson)،1:1990).

ئەو تایبەتمەندییە، بە رەگەز و توخمی سەرەکیی جیاکردنەوەی تیرۆریزم لە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی ناسراوە.

ئەلێکس ئشمید یەکێك لە شارەزایانی بـواری تیرۆریزمە کە پەیوەندیی نێوان تیرۆریزم و ئەو چەمکانەی شیکردوەتەوە کە لە رووی ماهیەت، رەفتار یان هەنگاو لەیەکدەچن. ناوبراو بەشیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی ١٠٩ پێناسەی جیاجیای تیرۆریزم، پەنجەی خستۆتە سەر (٢٢) رەگەز و توخمی هاوبەش کە لە زۆربەی پێناسەکاندا دووبارە بوونەتەوە. توندوتیژی و زەبروزەنگ کە بە رێژەی ٥,٨٣% دووبارەبووەتەوە، لە خشتەکەی ئشمیددا جێیگرتووە. پاڵنەری سیاسی بە٦٥% و ترس و تۆقاندن بە ٥١% بە پلەی دوای یەکدێن. (schmidt)6:1988-5).

ئشمید بە لەپاڵیەك گونجاندنی ئەو توخمە هاوبەشانە، پێناسەیەکی شایانی باسی لە تیرۆریزم خستۆتە بەردەست. بە گوێرەی پێناسەکەی ئشمید، «تیرۆریزم، شێوازو دیاردەیەکی تۆقێنەرانەیە بۆ دروستکردنی ترس لە رێگەی پیادەکردنی رەفتاری توندوتیژانەی بەردەوام و دووبارە کە بەهۆکارگەلی سیاسی، تاوانکاری یان تاکەکەسیانە، لەلایەن یاریکەرانی نێودەوڵەتی، گروپەکان یان کەسانی نادیار (یان نیمچە نادیار)ەوە سودی لێوەردەگیردرێت و تیایدا ئامانجە راستەوخۆ یان خێراکانی توندوتیژی، ئامانجی سەرەکی و مەبەستدار نین». بە پێچەوانەی تیرۆر کە تیایدا ئامانجی راستەوخۆ، ئامانجی سەرەکییە، قوربانیانی سەرەکیی دەستی توندوتیژی، زیاتر بە رێکەوت (ئامانجە بەردەستەکان)، یان هەڵبژاردنی بە شێوەی ئامانجی بنەڕەتیانە لە نێو کۆمەڵێك یان دەستەیەك ئامانج، هەڵدەبژێردرێن و وەکو ئامرازی پەیامگەیاندن بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی سودیان لێوەردەگیردرێت. (schmidt)2:1988).

ئشمید هەنگاوی تیرۆریستی لە هەنگاوی توندوتیژانە جیادەکاتەوە. بە بڕوای ئەو هەنگاوی توندوتیژانە، بکوژو کوژراو یان لێدەر و لێدراو لە خۆ دەگرێت. لە بەرامبەر هەنگاوی تیرۆریستی لە سێ قۆناغدا ئەنجامدەدرێت کە لەهەنگاوی یەکەمدا، توندوتیژانە و لە هەنگاوی دواتر ترس و تۆقاندن ئەنجامدەدرێت، کە پەیامی توندوتیژیی دەگەیەنێت. ئشمید هەروەها ئامانجی کاری توندوتیژی و تیرۆریزم بەشتێك نازانێت. بە بڕوای ئەو لە کوشتنێکی تیرۆریستیدا قوربانی بە سادەیی دەتوانێت بگۆڕدرێت، چونکە خودی قوربانییەکە گرنگ نییە، بەڵکو کاریگەریی کوژرانی قوربانییەکە بەسەر رای گشتیدا ئامانجی کۆتاییە. بەمپێیە دەبێت جیاوازی لە نێوان کردەیەکی توندوتیژانە لەگەڵ کردەیەکی تیرۆریستیانە بکەیین. .(schmidt)9:1993-11)

### ٣-٨-تیرۆریزمی نانێودەوڵەتی (تاکانە)

تیرۆریزمی تاکە کەسی، یان نانێودەوڵەتی رووی پێچەوانەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە و ماهیەتێکی دژە نێودەوڵەتی هەیە، بۆیە هەوڵدانێکی وێرانکارانەیە. (laquer,151:1990).، لەبەرئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی بەوجۆرە تیرۆریزمە دەوترێت تیرۆریزمی ئاژاوەگێڕانە. مەبەست لە تیرۆریزمی تاکە کەسی (تاکانە)، ئەوجۆرە کارو هەنگاوانەن کە کەسانێکی دیاریکراو (چ بەشێوەیەکی تاکە کەسی و چ بە شێوەی کۆمەڵێکی رێکخراو) لەبەرامبەر سیستمی حکومەتی یان نێودەوڵەتێکی دیاریکراو ئەنجامیدەدەن. هەندێك دەستەواژەی «تیرۆریزمی لە خوارەوە»و هەندێکی دیکە دەستەواژەی «تیرۆریزمی سپی» بۆ ئەوجۆرە تیرۆریزمە بەکاردەهێنن. (سەفا تاج، ١٣٨١:٦١. ئەوجۆرە تیرۆریزمە تایبەتمەندییێکی بەرفراوان، بەردەوام و فرەشێواز و فرەئامڕازی هەیە، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەم

چەند دەیـەدا بۆتە جێی باس و لەسەردەمی دوای شەڕی سارد وەکو مەترسییەك بۆئاشتی و ئۆقرەیی نێودەوڵەتی سەری هەڵداوە، هەمان ئەوجۆرەی تیرۆریزمە.

جێی باسە لە کاتێکدا کە رۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی ترادسیۆنی تیرۆریزمی نانێودەوڵەتییان بە مەترسیەکی گەورە دەزانی، وڵاتانی جیهانی سێیەم لەسەردەمی شەڕی سارد پێناسەیەکی دیکەیان بۆی هەبوو. دەوڵەتە ناپابەندەکان تیرۆریزمی تاکە کەسییان بە کارێکی سەرچڵانە و بچوك دەزانی کە تاکەکان یان گروپێك لە تاکە دیاریکراوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە خۆخواز و بەرژەوەندیخوازەکان و زیاتر تاوانبارانە ئەنجامیاندەدا. (shukri(37:1991).). بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئامانجەکان و پاڵنەر و پاڵنەری ئەنجامدەران و بەنیگایەکی نابەهادارانە دەتوانرێت تیرۆریزمی نانێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان و ناهاوشێوە بدرێتە قەڵەم کە لە سەرێکەوە یاریکەرانێکی خاوەن رەوایی وەکو بزووتنەوە ئازادیبەخشەکانی خوازیاری مافی چارەنووس و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو گروپانە هەیە کە لەکۆمەڵگایەکی مۆدێرن بۆگەیشتن بە ئامانجگەلی ناڕۆشن و خورافی، مرۆڤەکان دەکەنە قوربانی.

### ٦-٩- تیرۆریزمی نێودەوڵەتی

ناوەندگەلی لێکۆڵینەوە لە تیرۆریزم بە هۆی ناکامی لە خستنەڕووی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیەکی پایەدار و جێگیر لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و حوکمدانی ئەخلاقی، رووبـەڕوی رەخنەی توند بوونەتەوە. نیشانەو بەڵگەی جەختکردنەوەی تەنها لە «تیرۆریزمی لە خوارەوە» لە بەرامبەر «تیرۆریزم لەسەرەوە» هەڵێنجانەکانی (سـیـلـك206:2004-(silke)ە کە ئەوە نیشاندەدات لە ١٩٩٠ تا ١٩٩٩ تەنها لە کەمتر لە دوو لە سەدی نوسینەکان لە بڵاوکراوە

شیکارییەکانی پەیوەندار بە تیرۆریزم لەسەر بابەتی «تیرۆریزمی نێودەوڵەتی» بـووە. هەروەها هەڵێنجەکانی «چارلز نانشند» نیشاندەدات کە تەنها لە ١٢ لاپەڕە لە ٧٦٨ لاپەڕەی زانستنامەی تیرۆریزمی جیهانی (١٩٩٧)دا باس لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە، کراوە (Quoted in)2006:55 goodin).

کتێبەکانیش بەم ئەندازەیە لەبارەی ئەو بابەتەوە کەمن. جێگای سەرسوڕمانە کە لە حەوت کتێب کە بۆ نوسینی ئەم وتارە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیان بۆکراوە، تەنها لە دوو کتێبدا (Godin,2006و Grosscup,2006) بە قووڵی باسیان لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کردووە. شرۆڤەکارانی بواری تیرۆریزم، تەنانەت کاتێك قبوڵیشی دەکەن کە بەپێی پێناسە دەوڵەتەکان بۆی هەیە دەرگیری تیرۆری سیاسی بن، پێیان باشترە خۆ لە باسکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ببوێرن و پشتگوێی بخەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو گریمانەی کە دەوڵەتەکان هەمیشە دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و داکۆکیکاری ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی بن، نادروستە، چونکە دەوڵەتەکان ئەوەی کە لەڕوانگەی سیاسی بە بەرژەوەندی بزانن، بەپێی پێویست بۆ دروستکردنی نەزم و ئەمنیەتی خۆیان پشتیوانی لە گروپە تیرۆریستەکان دەکـەن. هەروەها سنوردارکردنی شیکردنەوەی تیرۆریزم تەنها لەسەر یاریکەرە نانێودەوڵەتیەکان دەبێتە مایەی بەربەست لە هەڵسەنگاندنێکی دروست و واقیعیانە لە بارەی یاریکەرانی کاری تیرۆریستی، چونکە زۆرجار ئەوە بیندراوە کە حکومەتەکان بۆ داکۆکیکردن لە دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان، سودیان لە تیرۆریزم وەرگرتووە(Stoni,1988:8).

لە یەکەمین راپۆرتی کۆمیتەی تایبەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان (GAoR,1973)(UN) تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئاوا پێناسەکراوە:

توندوتیژیەکی ترسخوڵقێن کە لە ئاستێکی بـەرفـراون و بە بەکارهێنانی پێشکەوتووترینی ئـامـرازەکـان دژی سەرجەم هاوڵاتیانی وڵاتێك (یان وڵاتێك) و بەمەبەستی باڵادەستی بەسەر یان دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەوان ئەنجام دەدرێت. هەروەها هێرش و پەلاماری سەربازی دەوڵەتە گەورەکان دژی دەوڵەتەکانی دیکە دەگرێتەوە کە بەناوی هەنگاوی پێشگرتن یان خۆپاراستن، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی جیهانی سێیەم پێشێلدەکەن.

(مالانزاك)یش سەبارەت بە پێناسەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ئەوە بەو کار و ڕەفتارە تیرۆریستیانە دەزانێت کە دەوڵەتیك لە چوارچێوەی سنورەکانی خۆیدا ئەنجامیان دەدات. لە روانگەی ئەوەوە، تیرۆریزمی دەوڵەتی لەماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانی و بەر لە دەرچوونی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە خۆگری تیرۆرە سور و ڕەشەکان بوو کە رژێمە تۆتالیتێرەکان ئەنجامیاندەدا (Malanzak,1986:371).. لامبێرت لەو باوەڕەدایە کە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بریتییە لە ئەنجامدانی کاری توندوتیژیانەی ناڕەوا بە دەستی دەوڵەتێك و ئۆرگانە پێکهێنەرەکانی ئەو دەوڵەتە دەرهەق هاوڵاتییان (جا چ سەرجەمی خەڵکەکە و چ بەشێکی تایبەتی خەڵك وەك کەمینەکان، دژبەرانی سیاسی، ئایینی و نەتەوەیی) ی دانیشتوی سەرزەمینە داگیرکراوەکان کە بەپیادەکردنی کردار و ئامڕازگەلی وەك ئەشکەنجە، گرتنی نایاسایی، کوشتن و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێیانەی دژبەرەکان یان تەنانەت خەڵکی ئاسایی ئەنجامدەدرێت. (Lambert,1999:15). دێردێریان، لە پۆلێنکردنێکی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا، ئەو دیاردەیە بە دوو جـۆری ناوخۆیی و دەرەکـی دابـەش دەکـات. (93-1984:91) دێردێریان

خشتەی ژمارە(١) توخمە ٢٢ دانەییە بەردەستەکان لە پێناسەی جیاجیاکانی تیرۆریزم

| ریز | توخمە هاوبەشەکانی پێناسە جیاجیاکان | دووبارە لەسەد |
|---|---|---|
| 1 | توندوتیژی، زەبروزەنگ | ٨٣ |
| 2 | پاڵنەری سیاسی | ٦٥ |
| 3 | ترس و تۆقاندن | ٥١ |
| 4 | هەڕەشە | ٤٧ |
| 5 | کاریگەرە فیزیکیەکان و کاردانەوە پێشبینیکراوەکان | ٤١/٥ |
| 6 | جیاوازیی ئامانج – قوربانی | ٣٧/٥ |
| 7 | هەنگاوی ئۆرگانیزەکراو | ٣٢ |
| 8 | شێوازو تەکنیکە بەکارهێنراوەکان | ٣٠/٥ |
| 9 | پێشێلکردنی بنەما پەسندکراوەکان | ٣٠ |
| 10 | زۆرەملێ | ٢٨ |
| 11 | سەرنجڕاکێشان | ٢١/٥ |
| 12 | تاکایەتی نەبوون و جیانەکردنەوە | ٢١ |
| 13 | ناچارکردن | ١٧/٥ |
| 14 | قوربانیان (سڤیل – هاوڵاتیان) | ١٧ |
| 15 | بێتاوانبوونی قوربانیەکان | ١٥/٥ |
| 16 | بکەرەکان (رێکخراو – گروپ – بزووتنەوە) | ١٤ |
| 17 | لایەنی خۆنواندن لای ئەوانی دیکە | ١٣/٥ |
| 18 | قابلی پێشبینی نەبوون | ٩ |
| 19 | تایبەتمەندی بەشاراوەیی هێشتنەوە | ٩ |
| 20 | تۆڵەیی بوون | ٨ |
| 21 | توندوتیژی دووبارەو لەسەریەک | ٧ |
| 22 | داواکاری لە لایەنی سێیەم | ٤ |

## ٦-٩-١-تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوخۆیی (لە بەرامبەر هاوڵاتییان)

لە روانگەی ئەلێکس ئشمیددا، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوخۆیی بە بەراورد لەگەڵ شێوەکانی دیکەی تیرۆریزمی سیاسی پێشینەیەکی درێژتری هەیە (schmidt)171:1988) ( و بۆیە بۆتە گرنگترین سەرباس لەوبارەیەوە. دێردێریان دەڵێت کار و هەنگاوی دەزگا هەواڵگری و پۆلیسیەکانی دەوڵەتان لە چوارچێوەی پیادەکردنی ترس و تۆقاندنی توندوتیژانە و کوشتاری سیاسی بۆ بەرکەنارکردنی دژبەرە سیاسیەکانی خۆی، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوخۆییە. (دێردێریان،١٣٨٤:٩١).

سەفا تاج لەوباوەرەیە کە تیرۆریزمی ناوخۆیی بەمشێوەیەی خوارەوە لەناو وڵاتدا ئەنجامدەدرێت: (سەفا تاج، ١٣٨١:٦٣).

أ- بەشداربووان لە کارە تیرۆریستییەکان و قوربانییەکانی، سەربەهەمان ئەو وڵاتەن کە کاری تیرۆریستی تێدا ئەنجامدراوە؛

ب- دەرەنجامی کارە تیرۆریستیەکان تایبەت بە هەمان وڵاتەکە دەبێت؛

پ- بەشداربووەکان لە کاری تیرۆریستی لە سنورەکانی هەمان ئەو وڵاتەدا ئامادەییان هەیە؛

ت- بەرنامەڕێژی و هەنگاوی چالاکینواندنی تیرۆریستی، لە نێو خاکی ژێردەسەڵاتی یاسایی و ناوچەیی ئەو دەوڵەتەدا ئەنجامدەدرێت. (سەفا تاج، ١٣٨١:٦٣).

بەمپێیە، لەبەرئەوەی دەوڵەت بەوشێوەیەی کە لەسەرەوە باسکرا، کاری تیرۆریستی دەکات، تیرۆریزمی دەوڵەتی ناوخۆیی روویداوە. تیرۆریزمی دەوڵەتی ناوخۆیی بۆی هەیە دوو ئامانجی هەبێت:

أ- سەرکوتکردنی خەڵك، دابڕاندنیان لە سیاسەتکردن یان نەرمکردنیان لە بواری سیاسیدا؛

ب- کەمکردنەوەی مەیلی خەڵکی سەبارەت بە پشتیوانیکردنیان لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان یان دژە حکومەتییەکانی دیکە. (هنێل،١٣٨٣:٢١٣).

هەروەها سەبارەت بە رادەی دەستێوەردان و رۆڵی دەوڵەتەکان لە کارە تیرۆریستیەکان سەبارەت بە هاوڵاتیان، تیرۆریزمی دەوڵەتی ناوخۆیی دەتوانێت بە دوو دەستە دابەش بکرێت:

أ- تیرۆریزمی ڕێکخراو لەلایەن دەوڵەتەکان: لەوجۆرەی تیرۆریزمدا دەوڵەتەکان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان بۆ پاراستنی ئۆقرەیی، دەست بۆ کاری تیرۆریستی دژی ناحەزە سیاسیەکانی خۆیان دەبەن، کە زیاتر کەسانی ناوخۆیین و لەو ڕێگەیە، ئەوکارانە بە ڕێنوێنی و ڕێکخستنی هێزە تایبەتییەکان دەکەن کە بۆ هەمان ئەو مەبەستە پێکهێندراون. بۆ نمونە، دەتوانین هەنگاوی ژاکوبنەکانی فەرەنسا، نازیەکانی ئەڵمانیا (١٩٣٣-١٩٤٥)، حکومەتی تۆتالیتێری ستالین لە دەیەی ١٩٣٠و هەروەها حکومەتی عیدی ئەمین لە ئۆگەندا، لەو دەستەیە دابنێین. (sllan,42:1987)؛

ب- تیرۆریزم بەچاوپۆشیکردنی دەوڵەت: ئەمە جۆرە تیرۆریزمێکی نێودەوڵەتییە کە تیایدا گروپە تیرۆریستیەکان بۆ داکۆکیکردن لە سیستم بەهانای حکومەتەوە دەچن. روونە کە لەوحاڵەتەدا حکومەت نەك هەر دژی ئەوان نابێت، بەڵکو هانیشیان دەدات. (weingberg)72:1989).

باشترین نمونە لەوبارەیە دەتوانین ئاماژە بە هەنگاو و کوشتارە خوێناویەکانی ئەلسلڤادۆر، گواتیمالاو کۆلۆمبیا بکەین کە لە لایەن سوپاو دەوڵەتەوە پشتیوانی و داکۆکیان لێدەکرا و بۆ ترساندنی خەڵکی ئاسایی و سەرکوتکردنی دژبەران و شۆڕشگێڕەکان و رازیکردنی حکومەت دەستیان بەو کارانە دەکرد.

بەر لەوە، بە پێی مافە نێودەوڵەتییە ترادسیۆنیەکان، دەستی وڵاتان

لە هەڵسوڕاندنی کاروبارە نێوخۆییەکاندا کراوە بوو و کۆمەڵگەی جیهانی نەیدەتوانی دەستوەردان لە بەڕێوەبردنی کارو بارە سیاسییە نێوخۆییەکانی وڵاتان بکات، بەڵام دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە هاتنەئارا و بڵاوکردنەوەی رێنوێنی و هۆشیاریی مافەکانی مرۆڤ، بنەمای مێژوویی حوکمڕانێتیی رەهای دەوڵەتەکان خرایە ژێر چاودێری و دەوڵەتەکان پابەندکران بە لەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان. (کاسسە،١٣٧٠:١٤).

ئەو رەوتە لە دە ساڵی رابردوودا بە هەوڵ و چالاکیی بەردەوامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها رێکخراوە ناوچەییەکان لە ژێرناوی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە، بنەمای کۆنی رێزگرتن لە حاکمیەت و سەربەخۆیی دەوڵەتەکان پێچراوەتەوە، کە زۆر کەس وەکو تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەیناسێت و ساڵانێکە لەژێر ناوی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ خراوەتەڕوو و کاری لەسەر کراوە.

٦-٩-٢- تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەرەکی (لە بەرامبەر دەوڵەتەکان)

تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە واتایەکی دیکەش بەکاردەهێندرێت. لەو واتایەیدا، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کە دەکرێت پاشگری نێودەوڵەتیشی بخەینەسەر تاکو لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر هاوڵاتیانی نێوخۆیی جیابکرێتەوە، چاودێریکەری هەنگاوە توندوتیژەکان و دەستتێوەردانەکانی دەوڵەتانی زلهێزە لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتە زلهێزەکان کە بە شێوەیەکی نهێنی بە پشتیوانیی گروپە تیرۆریستییە دژەکانی ئەو دەوڵەتانە یان بە شێوەیەکی ئاشکرا لە رێی دەستێوەردانی سەربازییەوە ئەنجامدەدرێت. بە واتایەکی دیکە، پشتیوانیکردنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەوڵەتەکان لە گروپە تیرۆریستەکان (دەکرێت بەشێوەی دابینکردنی دارایی ئەو گروپانە یان پەنادان و راهێنانی ئەندامەکانیان یان پشتیوانیکردنی دیپلۆماسی بێت)، تیرۆریزمی دەرەکییە. کەموزۆر دەوڵەتەکان

بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان سود لەوجۆرەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەردەگرن، بەڵام بە هۆی فرەواتایی نێگەتیفی ئەوجۆرە تیرۆریزمە، یەکدی بە هەبوونی پەیوەندی پێیەوە تاوانبار دەکەن. (دێردێریان،۹۲:۱۳۸٤-۹۳).

دەکرێت ئەوجۆرەی تیرۆریزمە پەیوەست بێت بە شێوازی بەکارهێندراو، دووجۆری هەبێت:

أ- تیرۆریزمی سەربازی، بە واتای بەکارهێنانی زەبروزەنگی تیرۆریستیانە لە لایەن هێزە سەربازیەکانی وڵاتێك لە بەرامبەر ئامانجێکی بنەڕەتی لە هەبووندا ئامانجگیری کراوە؛

ب-تیرۆریزمی ژێر چاودێریی نێودەوڵەتیك کە تیایدا، زەبروزەنگی تیرۆریستی بەدەستی هێزە تیرۆریستیە جێگرەکان بەکاردەهێندرێت، ئەو هێزانەی کە پەیوەندیی نهێنیان لەگەڵ نێودەوڵەتی پشتیواندا هەیە. ( هنێل،۲۱۳:۱۳۸۳-۲۱٤).

لاکوێر (1987:235) دەڵێت ئەوجۆرەی تیرۆریزم دوای جەنگی دووەمی جیهانی بڕەوی سەندو لەوکاتەدا مۆسکۆ ئەمەریکای تۆمەتبار دەکرد کە دەستی لەو کارانەدا هەیە و ئەمەریکاییەکانیش لەبەرامبەردا سۆڤیەتیان بەپشتیوانیکەری تیرۆریزم دەزانی. لەدیدی وایت (27-white,1991:25)، گرنگترین هۆکاری دەوڵەتەکان بۆ ئەوکارە، یەك، بە دەستهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕێگەی ئاشتییانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە بەرامبەر وڵاتانی دیکەیە و دووەم، بەکارهێنانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی شێوازێکی کەمخەرج و کەممەترسییە بۆ پێشخستنی سیاسەتی دەرەکی و بەدەستهێنانی ئامانجەکان. بۆ نمونە، زۆربەی دەوڵەتەکان بۆ بە دەستهێنانی پێگەی دەسەڵات و کاریگەرییان یان جێگیرکردنی دەسەڵات و کاریگەریان لە بزووتنەوە ئایدۆلۆژیەکان،

پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکەن، هەروەها ئەو تیرۆریستانەیش کە لە لایەن حکومەتەکانەوە داکۆکیان لێدەکرێت، دەتوانن ئەو یارمەتییانە وەدەست بێنن وەکو چەك و چۆڵ، پەیوەندییەکان، بەڵگەنامەی گەشت و پەناگەی هێمن و دوور لە مەترسی بۆ مەشق و راهێنانی کارە تیرۆریستیەکان. بەمشێوەیە دەوڵەتەکان دەتوانن بێئەوەی مەشروعیەت و ناو و ناوبانگییان لە ئاستی نێودەوڵەتی قسەی بێتەسەر، بەشێوەیەکی ئاوەها نهێنیانە کارە تیرۆریستیەکان لە بواری دارایی دابین بکەن و پشتیوانی لە تیرۆریستەکان بکەن.

### ٦-١٠ - تیرۆریزمی نێودەوڵەتی؛ وتووێژی ئاکادیمیانە یان هەژموونی زلهێزەکان

هەروەك پێشتر باسکرا، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی تیرۆریزم لە بەشی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا گرفتاری بۆشاییەکی تیۆری و لاوازیی واتایی و تێگەیشتنە لەو دیاردەیە و زیاتر شرۆڤەکار و لێکۆڵەران پێیان باشە بەسادەیی بەسەر ئەو بابەتەدا تیپەڕن، بەڵام دەبێت بزانین بۆچی؟ کێشەگەلێکی ئاشکراو لەهەمانکاتدا ئاڵۆز لەوبوارەدا هەیە. جاکسۆن دەڵێت: لە روانگەی سیاسی و میتۆدییەوە وادەردەکەوێت کە ئەو ناوەندگەلە بەلای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی رۆژئاواییدا دایدەشکێنن. (Jackson, 2007:d).

خۆبواردن لە شیکردنەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی یان مەحکومکردنی لە لایەنی ئەخلاقیەوە هەروەك تیرۆریزمی نانێودەوڵەتی بە تایبەت بەکارهێنانی تیرۆریزمی سیاسی لە لایەن دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لەسەردەمی کۆڵۆنیالیزم؛ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە رێی دانانەوەی بۆمب لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی و رووبەڕووبوونەوەی دیکە، نەبەرد دژی

سەرهەڵدراوان یان پشتیوانی لەوان لەسەردەمی جەنگی سارد، پشتیوانیی بەرچاو لە گروپە تیرۆریستییە نانێودەوڵەتییە ڕاستڕەوەکان و پیادەکردنی بەرفراوانی ئەشکەنجە و ئازار لە پرۆسەگەلی دژبە تیرۆریستی تایبەت و ... زۆرێك لە چاودێران و لێکۆڵەرانی گەیاندۆتە سەر ئەو بڕوایەی کە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی رۆژئاوایی لە بواری تیرۆریزمی نانێودەوڵەتی هەم کارتێکەرە و لەبەرئەوە جۆرێك نەرمینواندن دەرهەق بە شێوازە تایبەتییەکانی تیرۆریزمی مایەی پشتیوانیی دەوڵەت هەیە.

هەروەها ئەم هەڵوێستەی لێکۆڵەران، نیشاندەری بێسەروبەرەیی شێوازی زانستی- زانکۆیی و جۆرێك لە چاونوقاندن و بێواتایی خۆسەپێنەرانەیە، باشتر بڵێین جۆرێك دەمارگیریی لایەنگرانە و ئەوروپاتەوەرییە بەسەر یەکپارچەیی و ئەخلاقیاتی زانستی.

لە لایەکی دیکە، نابێت پێمانوابیت کە دەوڵەتەکان ناتوانن لە بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆیان و وڵاتانی دیکە دەست بۆ کاری تیرۆریستی ببەن؛ بۆچی دانانەوەی بۆمب لەلایەن پیاوانی پشتی پەردەی نێودەوڵەتی بەکاری تیرۆریستی ناژمێردرێت، بەڵام کاری هاوشێوەی لە لایەن کەسانی نانێودەوڵەتی کارێکی تیرۆریستییە؟

قبوڵکردنی ئەوەی کە تیرۆریزم تەنها لەسەر پێوەری ماهیەت و چۆنێتیی کارێکی توندوتیژئامێزی دیاریکراو پێناسە بکرێت و رەواییبوونی بانگەشەیی یان گریمانەیی بکەرەکانی نادیدە بگیردرێن، زۆر پاشهاتی جدی دەبێت. ئەو دەوڵەتانەی کە سود لە تیرۆر وەردەگرن وەك شێوەیەکی حکومەتداری، هیچ گومانی تێدا نییە رەواییان نییە.

یەکێك لە رەخنە بنەڕەتییەکانی رێژەییگەراکان بۆ ئەوجۆرە کارە تیرۆریستیانە، ماهیەتی خودی توندوتیژی سیاسییە. بەو

واتایەی کە ئەگەرچی دەوڵـەت بۆگەیشتن بە ئامانجە سیاسییە فراوانەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر کاری تیرۆریستیانە، بەڵام خۆی بە تیرۆریست نازانێت، لەکاتێکدا وەها ناونیشانێك بۆ دژبەرە نانێودەوڵەتییەکانی خۆی بەکاردەهینێت. لەگەڵ ئەوەی کە (بە دەربڕینی ژاك درێدا) دەستەواژەی تیرۆریزم تا ئەندازەیەکی زۆر لە (سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی تۆقێنەرانە) لە شۆڕشی فەرەنسا سەری هەڵداوە، واتە ئەو سەردەمەی کە نێودەوڵەتی مۆنۆپۆلی یاسایی، کاروهەنگاوی توندوتیژانەی هەبووە، ئەو دووفاقیەتە درێژەی هەبووە. (derrida,2003:103).

ئەوە راستە لە ١٥٠ ساڵی رابـردوودا تیرۆریستە نا دەوڵەتیەکان، دەیـان هــەزار کەسیان کوشتووە و زیانێکی زۆریــان هەبووە، بەڵام ئەگەر چاوێك بە کارنامەی دەوڵەتەکاندا بخشێنین بۆمان دەردەکەوەێت کە هەندێك لە دەوڵەتەکان بە بەراورد لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکانی نانێودەوڵەتی ئەوجۆرە کارانەیان زۆر ئەنجامداوە. هەڵێنجانێکی پارێزکارانە لە کۆمەڵکوژییەکان (کە دەوڵەتەکان هۆ و هۆکاری بوون)، برسیەتی و قاتوقڕیی تاقەتپروکێن و پاکتاوی رەگـەزی هاوڵاتییان و ... ئـەوە نیشاندەدات کە حکومەتەکان لەسەدەی بیستەمدا، بەرپرسیاری مەرگی ١٧٠ تا ٢٠٠ ملیۆن کەس بوونە. (Rummet 1994, see also goodin, 2006:62).

بێگومان کوشتنی چـەنـد کەسێك بـە دەسـتـی تیرۆریستە نانێودەوڵەتیەکان، لە بەرامبەر مەرگ و وێرانکاری و ئەو هەموو پشێوییە بەرفراوانەی دەوڵەتەکان، بە شتێکی کەم دادەندرێت. ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە تیرۆریزم، هەوڵێکی راستەقینەیان بۆ ناساندنی ماهیەت، پاڵنەر، ستراتیژ و پاشهاتەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئەنجام نەداوە.

به قبوڵکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، پێویستبوونی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی هەندێك سەرەتا قبوڵکراوەکانی پەیوەست بە تیرۆریزم دێتە پێشەوە. بۆ نمونە، پرسەکە ئەوە نییە کە تیرۆریزم تەنها (چەکێکی بێتواناکان بێت)، بەڵکو هەروەها ئەوە راستییەکە کە هەر دەوڵەتێك هەرچەندە بەهێزیش بێت، پاڵنەری زیاتری هەیە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتدارێتی لە ژێر سایەی سیستمی تیرۆردا (Goodin, 2006:52).

مێژووی تیرۆریزم نیشاندەدات کە رۆڵگێڕە زلهێزەکان، زیاتر لە رۆڵگێرە، بێهێزەکان دەست بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دەبەن. وەك دیـارە، بە پێچەوانەی بـاوەڕی کۆمەڵانی خەڵك، تیرۆریزم بۆی هەیە نەك لە کاتی جەنگدا، بەڵکو لە سەردەمی ئاشتیشدا بەکاربهێندرێت. بۆ نمونە، کاتێك کە دەوڵەت ئامانجە مەدەنیەکانی، گرنگی و بەهای سەربازیان نییە تەنها بۆ ترساندنی خەڵك و ملکەچکردنیان، بۆمباران دەکات (ترساندنی گروپێك بەمەبەستی هێنانەئارای گۆڕانێکی سیاسی لە گروپێکی دیکە)، بە هەمانشێوە دژی تیرۆریزمیش کاتێك کە جیاوازیدانان لە نێوان بێتاوان و تاوانبار ناکام دەمێنێتەوە، بۆی هەیە بگۆڕێت بۆ تیرۆریست.

گروسکاپ یەکێك لەناودارترین لێکۆڵەرانی بواری تیرۆریزم لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (تیرۆری ستراتیژیك)، بەڵگەیەکی بەهێز و یەکلاکەرەوەی هەیە. بە قسەی ئەو، لانیکەم لەو رووەوە کە مەبەست لەوجۆرە بۆمبدانانەوانە، بە پلەی یەکەم بە ئامانجگرتنی هاوڵاتیان و ئازاردانییان بە مەبەستی سستکردنی ورە و ئیرادەی خۆڕاگرییان، دەکرێت ئەوە بە جۆرێك لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوزەد بکەین (Grosscup, 2009:24).

گروسکاپ، بە بەڵگەو پاساوەوە، پەنابردنە بەر تیرۆر و دانانەوەی

بۆمب لە بەرامبەر هاوڵاتیانی مـەدەنـی لە زۆر لە کۆڵۆنە ئەوروپییەکان لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، لە شەڕی دووەمی جیهانی و دواتر بە شێوەیەکی تازە واتە (بۆمبارانی ستراتیژی) لە زۆر شوێندا وەکو کۆریا، کامبۆج، ڤێتنام، لوبنان، چیچیان، کۆسۆڤۆ، ئەفغانستان، عێراق و ... دەسەلمێنێت. جگە لەوە، گروسکاپ نیشاندەدات کە دوو پاساوی باوی بۆمبارانی ستراتیژیك - یەکەم، بە پێچەوانەی تیرۆریزمی نانێودەوڵەتی، لە بۆمبارانی ستراتیژیکدا هاوڵاتیانی سڤیل بە شێوەیەکی هەڵسەنگێدراو و بەرنامەڕێژکراو ناکرێتە ئامانج، دوو، ئەگەر کەسانێکی زۆر لە خەڵکی سڤیل دەکوژرێن، ئەوکارە کارێکی ئەنقەست و مەبەستدار نییە، - دوو پاساوی فریودەرانەو دوور لەراستین (Grosscup,2009:179).

گروسکاپ هەروەها دەربارەی ستراتیژیەتی وتاری بژاردەی سیاسی و سەربازییەکانی رۆژئـاوا کە تیرۆریزم لە قاڵب و چوارچێوەی گـوزارەی بۆمبارانی ستراتیژیك دەشارنەوە و وەکو کایەیەکی قبوڵکراوی جەنگی دژە تیرۆریزم دەیخەنە روو ، باسێکی گرنگی هەیە. ناوبراو نیشانیدەدات کە روونکردنەوەی چەمکی (ئامانجی سەربازی) بە دروستی زیاتر بۆ شاردنەوەی ئەو راستیەیە کە ژێرخان و خەڵکی مەدەنی دەکرێنە ئامانجی هێرشەکان؛ و ئەو بانگەشەیەی کە هەستیاری و کارایی ئامانجگیریی چەکە پێشکەوتوەکانیان لە توانای وێرانکاری ئەوان زیاترە، بانگەشەیەکی زیادەڕۆیانەیە (Grosscup,2009:179).

ئەو خاڵەی کە دەوڵەتەکانیش دەتوانن تیرۆریست بن، بە تایبەت لە کەشی نێودەوڵەتیی ئێستادا کە کەم و زۆر هەموو دەوڵەتەکان پرەنسیپی بەرەنگاربوونەوەی دژی تیرۆریزمیان قبوڵکردووەو هێزی سەربازی - لە نێویدا بۆمبارانی ستراتیژیك - وەك ئامرازی

دژایەتیکردنی تیرۆریزم بەکاردەهێندرێت، دەرەنجام و پاشهاتی تیۆری – ئەخلاقی گرنگی هەیە. لانیکەم، لێکۆڵەران دەبێت لە بارەی هەوڵدانی دەوڵەتەکان بۆ پێناسەکردنی تیرۆریزم بە شێوەی کۆن و باو کە دەستی ئەوان یان دارودەستەکانی ئەوان بۆ هەر هەنگاوێك (لەنێویدا بۆمبارانی ستراتیژیك) کراوە دەهێڵێتەوە، هەڵوێستە بکەن.

گیوسپ نێسی، یەکێکی دیکە لە لێکۆڵەرانی بواری تیرۆریزمە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (هاوکاری نێونێودەوڵەتی دژی تیرۆریزم) (٢٠٠٦)، پـەردە لەسەر هەندێك شێوە و سیما هەڵدەداتەوە کە لەژێر سایەیاندا دەوڵەتەکان لەلایەك تیرۆریزم بە نـاڕەوا و قەدەغەکراو رادەگەیەنن و لەلایەکی دیکەش دەستی هەندێك لە یاریکەرە نانێودەوڵەتیەکان بە کراوەیی دەهێڵنەوە تا بەتێکۆشانی ئازادیبەخشانەی توندوتیژئامێز هەڵسن. ناسینی رەوایەتی سەرهەڵدان لە لایـەن بزووتنەوە ئازادیبەخشەکان، یەکێك لە بەربەستە سەرەکیەکانی سەر رێگەی هێنانەدیی پەیمانێکی هەمەلایەنی دژە تیرۆریزمی هەمەگیرە و وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی بۆچی ئەمەریکا هەرگیز تیرۆریستە دژبەرەکانی کاسترۆ بۆ دادگاییکردن ناگەڕێنێتەوە کوبا؟ (Nesi,2006,78).

یەکێك لە گرنگترین ئەو بابەتەی کە کتێبەکەی نێسی لە رووی وەستاوە، (تیرۆریزمی نێودەوڵەتی)یە، هەرچەندە ئەم بابەتە لەسەرەتا جێی مەبەست و تێڕوانینی نوسەری کتێبەکە نەبووە. لە چەند بە شێکی کتێبەکەدا ئەوە نیشاندەدرێت کە چۆن دەوڵەتەکان بـە هـەولـدانـی نێونێودەوڵەتی و (تیرۆریزمی سێستماتیك) یـان لە جەنگدا نایاسایی و قەدەغەکراو راگـەیـانـدووە وەکو

هەنگاو و ڕێوشوێنی  لەبەرچاوگیراو لە کۆتایی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی (Pavst,2006,30). بۆ نمونە، دادگای نێونێودەوڵەتی نۆرنبێرگ سیاسەتە تۆقێنەرەکانی نازیەکانی ریسوا کردووە (Arnold,2009:177)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئاشکرایە کە دەوڵەتەکان هەمیشە تیرۆریزم بە شێوەیەك پێناسە دەکەن کە ڕەفتارەکانی ئەوان نادیدە بگیردرێت و لـەدەرەوەی بازنەی ئەو ڕێوشوێن و ڕێنوێنیانەی کە لە جاڕنامەو پەیماننامەکانی مەفەکانی مرۆڤ نوسراوون، بمێننەوە. کتێبەکەی نێسی، هەروەها ئەوەش نیشاندەدات کە تیرۆریزم بەر لە هەرشتێك دیاردەیەکی دروستکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە بابەتی گفتوگۆ و باسکردنی نێوان یاریکەرە بە هێزەکانە لە کات و ڕەوشی دیاریکرا و بۆگەیشتن بە ئامانجگەلی تایبەت و دیاریکراو.

ڕوونــە کە بەشێکی گــەورەی هەڵوێستەکان لە چوارچێوەی جەنگی دژی تیرۆریزم، وەکو بەکارهێنانی ئەشکەنجە، بۆمببارانی ستراتیژك لە ئەفغانستان و عێراق، کوشتنە نایاساییەکان، ڕفاندنی کەسەکان و هێشتنەوەی زیندانەکانی وەکو زیندانی گوانتانامۆ و ... بە هەنگاو و تەگبیری بەرگریکردنی ڕەوا لە تەك تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا دایدەنێن. ئەو هەنگاو و ڕەفتارانە، بوونەتە بیانوێك بۆ بەئەنجامدانی کاری تیرۆریستیانەی نانێودەوڵەتی، وەکو دانانەوەی بۆمب لە حەوتی ژوئیەی ٢٠٠٥ لە لەندەن.

**سەرچاوە:**

وەرزنامەی (اطلاعات، سیاسی- اقتصادی)

ژمارە:٢٩٩٥بەهاری ٢٠١٥

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |